زنجیرەی ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست
(٧١)

١٢ بەڵگە
بۆ ئەو موسوڵمانانەی کە
١٢ی
ڕەبیعی یەکەم ناو دەنێن مەولود و ئاهەنگی تێدا دەگێڕن

وەرگێڕانی بەدەستکاریەوە : زریان سەرچناری
پێشەکی و پێداچونەوەی : مامۆستا عبدالرحمن حسێن پور

چاپی چوارەم   ١٤٣٣ کۆچی

====================================

لەبڵاوکراوەکانی
ماڵپەڕی بەهەشت
www.ba8.org
islam_kurd_ba8@yahoo.com
07701517378
عێراق - کوردستان - کەلار
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ
کتێبی ژمارە ﴿٨٢﴾ لە کتێبەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَـهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ ، اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَـى آلِـهِ و صَحبِهِ ..

تێ نەفکرین و بیرنەکردنەوە وای لە موسوڵمانان کردووە کە بەبێ ترس لە لێ پرسینەوەی خوای گەورە بیدعەت (واتە: شتە زیادکراوەکان بۆ دین) تێکەڵ بە دین بکەن، چون هەر موسوڵمانێك تۆزێ بیر لە یەکەمین ڕوکنی ئیسلام بکاتەوە زۆر بەباشی بۆی وەدەرئەکەوێت کە هەروەکو چۆن شایەتی دان بەوشەی پیرۆزی (لاَّ إِلَـهَ إِلاَّ اللهُ) هەیە و پێناسەی ئەهلی تەوحیدە، هەروەهایش ئیقرارکردن بە (أَشْهَدُ أن مُحَمَّداً رَسـولُ اللهِ) گەورەترین بەڵێن و پەیمانە بۆ دورکەوتنەوە لە بیدعەت، چون هیچ کەس بە موسوڵمان ناژمێررێت هەتا ئیقرار بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر موحەممەد نەکات ﷺ وە بەو ئیقرارەیش هەمو بیدعەتێکی لە خۆی قەدەغەکردووە، چون کاتێك کە دیانی بەوەداهێنا کە موحەممەد ﷺ نێردراوی خوایە ئەبێ بزانێ کە پێغەمبەر موحەممەد ﷺ لە لایەن خواوە جگە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هیچی نەهێناوەو ئیسلامیش بە شەهادەتی قورئان کامڵ بووەو پێویستی بە کامڵ کردن نییە، بەڵام بەداخەوە هەمورۆژێك زیاتر لەڕۆژانی ڕابوردوو لەلایەن موسوڵمانانی نەزانەوە شتی تازە داهێنراوە و تێکەڵ بە دین کراوەو ئەکرێت .

یەکێك لەو بیدعانە ئاهەنگ گێڕانە بە بۆنەی یادی لەدایك بونی پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺ کە بەداخەوە لەناو موسوڵماناندا بەبەشێك لە دین چاوی لێ ئەکرێت.

سوپاس بۆ خوا کە زانایانی موسوڵمان هەر لە سەرەتای داهێنانی ئەم بیدعەتەوە تا ئێستا بەردەوام موسوڵمانانیان لەحەقیقەتی ئەم بیدعەتە ئاگادارکردۆتەوە.

ئەم نامیلکەی کە لەبەردەستانایە لە لایەن برای بەڕێز کاك زریان سەرچناریەوە وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر کورتە بەڵام کۆمەڵە بەڵگەیەکی جوانی لەخۆ گرتووە. هیوادارم کە خوای گەورە بیکات بەهۆی داچڵەکاندنی کۆمەڵێك لە موسوڵمانان.

بۆ زیاتر شارەزابون لەم بابەتە بگەڕێنەوە بۆ کتێبی:

" لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی و زانستیانە دەربارەی:

حوکمی یادی مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕان
بە بۆنەی لەدایك بونی باشترینی پێغەمبەران ﷺ"

ئامادەکردنی مامۆستا: عبد الغفور عبدالله صالح .

وَ صَلى اللهُ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وصَحبِهِ .

عبدالرحمن حسێن پور

یەکەمی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٤٣١ی کۆچی

(تێبینی : ئەم کتێبەیە لە کتێبخانەی ماڵپەڕی بەهەشت لە بەشی هەمەجۆردا دەستدەکەوێت)

www.ba8.org

بسم الله الرحمن الرحيم

سەرەتا سوپاس و ستایش بۆ خودای جیهانەکان، وە درودو سەلام لەسەر پێغەمبەرمان کە بەرێزترین دروستکراوێتی. خوێنەری بەرێز! ئەمە چەند (بەڵگە)یەکە بۆ ئەو موسوڵمانانەی کە بەبۆنەی لەدایك بونی باشترین پێغەمبەرەوە ﷺ، ئاهەنگ دەگێڕن، داواکارم لە خوای گەورە کە سودی لێببینن:

بەڵگەی یەکەم

١- پێغەمبەری خوا ﷺ بۆخۆیشی ئەمری پێکراوە کە شوێنی شەرعی الله بکەوێت :

لە ڕاستیدا خوای گەورە فەرمانی کردووە بە پێغەمبەرەکەی ﷺ، کە تەنها شوێن ئەو شەریعەتە بکەوێت کە خۆی بۆی ناردووە، وە بە هیچ جۆرێك نەکەوێتە شوێن ویست و بۆچونی خۆی یان هەواوهەوەسی کەسانی تر، وەك لە قورئانی پیرۆزدا پێی دەفەرموێت:﴿ ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ [الجاثية : ١٨] .

واتە : پاشان ئێمە "ئەی موحەممەد" تۆمان خستە سەر شەریعەتێکی تەواو دەربارەی هەموو کاروبارەکانی دین و دنیات، دەی تۆش شوێنی بکەوەو نەکەی بکەویتە دوای هەواو ئارەزوی ئەوانەی کە نازانن .

کەواتە بە پێی ئەم ئایەتەو چەندین ئایەتی تریش کە هاوشێوەی ئەون، سەرجەم خواپەرستیەکان (تَوقيفي)ن، بەو واتایەی کە جێگەی چاکسازی تێدانابێتەوە و بەبیرو بۆچونی هیچ کەسێك دەستکاری ناکرێت، بەڵکو خواپەرستی پێویستە تەنها بە گوێرەی ئەو شەرعە بێت کە خوای گەورە خۆی بۆی داناوین، هەر بۆیە خوای گەورە لە چەندین شوێندا فەرمان دەکات تەنانەت بە پێغەمبەرەکەشی ﷺ، کە شوێن شەریعەت و وەحی خوایی بکەوێت، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: ﴿إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ﴾ [الأحقاف : ٩] .

واتە : من تەنها شوێن ئەو شەریعەتە دەکەوم کە بەوەحی خوایی بۆم دێت.

لە ڕۆشنایی ئەم ئایەتانەوە سەرجەم زانایان بۆچونیان وایە کە پەرستنەکان دەبێت بە شێوەی (شوێن کەوتن) بن، نەك (داهێنان) واتە : (الإتِّباع لا الإبْتداع).

بەڵگەی دووەم

٢- خوای گەورە ناردنی پێغەمبەرﷺ بە نیعمەت دادەنێت نەك لەدایکبوونی :

ئەگەر بە جوانی وردبینەوە لە قورئانی پیرۆز، دەبینین خوای گەورە بەندەکانی خۆی بەوە منەتبار کردووەکە پێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆ ناردونﷺ، نەك منەتباریان بکات بە لە دایك بونەکەی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولاً مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾ [آل عمران:١٦٤].

واتە : باوەڕداران منەت باری چاکەی خودان، کە یەکێکی لە خۆیان ناردووە پێغەمبەریان بێت، نیشانەکانی خوایان بەسەردا دەخوێنێتەوەو بە پاکی ڕایاندەهێنێت، وە قورئان و کارزانییان فێردەکات، هەرچەندە کە لە پێش هاتنی ئەو لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بوون .

بەڵگەی سێ یەم

٣- سەلەفی صالح ڕۆژی لە دایك بونی پێغەمبەریانﷺ بە ڕۆژێکی ئاسایی چاولێکردوە:

پێشینە چاکەکانمان هەرگیز نەچون لە ڕۆژی لە دایك بونی پێغەمبەردا ﷺ ، خواپەرستی و کاری خێری تایبەتی ئەنجام بدەن، بەڵکو هەروەك ڕۆژە ئاساییەکانی تر تەماشایان کردووە، ئەگەر کارێکی وایان بکردایە ئەوا بێگومان پێمان دەگەیشت و لێیان نەدەشاردینەوە، هەمومان دەزانین کە پێشینەکانمان (ئەسحابەو شوێنکەوتوانیان) زیاترین خۆشەویستی و بەگەورەدانان و شوێن کەوتنیان هەبووە بۆ پێغەمبەرمان ﷺ.

زانای پایە بەرز (أبو عبدالله الحفار المالكي "**٨١١ك**") دەفەرموێت: (وەك دەزانن کە ڕۆژی هەینی باشترین ڕۆژە لە هەفتەدا، وە باشترین خوا پەرستیش کە لە ڕۆژدا ئەنجام بدرێت بەڕۆژو بونە، کەچی پێغەمبەرمان ﷺ لێی قەدەغە کردوین کە ڕۆژانی هەینی بە ڕۆژوبین، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە نابێت هیچ پەرستنێك دابهێنین و پەیوەستی بکەین بە کات و شوێنێکی تایبەتیەوە ئەگەر لە شەرعدا نەهاتبێت، ئیتر هەر پەرستنێك لە شەرعدا نەهاتبوو نابێت لە خۆمانەوە ئەنجامی بدەین، چونکە کۆتایی ئەم ئوممەتە ناتوانن شتێکی وا بهێننە ئاراوە کە لە سەرەتاکەی باشتربێت، ... کەواتە (والخيرُ كُلُّهُ في إتّباعِ السَّلَفِ الصّالِحِ)، باشترین کار ئەوەیە کە لە ڕێگەی پێشینە چاکەکانەوە بڕۆین. (المعيار المعرب ٧ / ٩٩).

بەڵگەی چوارەم

٤- بۆچی ڕۆژی دوانزەی ڕەبیعی یەکەم نەکرا بە سەرەتای ساڵی کۆچی؟

ئەگەر تەماشای زانستی خەلیفەی بەڕێز (عُمَر ی کوڕی خَطّاب) بکەین، ئینجا تێدەگەین بۆچی کاتێك کە مێژوی ئیسلامی دەستنیشان کرد، هەستا کۆچ کردنی پێغەمبەری کرد بەسەرەتای مێژوو، نەك لاسایی گاورەکان بکاتەوەو لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ بکات بە سەرەتای مێژوی ئیسلام. چونکە کۆچ کردنەکەی سەرەتایەك بوو بۆ سەرکەوتنی دینەکەی، ئایا دەزانیت بۆچی ڕۆژی لە دایك بونی پێغەمبەری ﷺ نەکرد بە سەرەتای مێژوی ئیسلام؟ لە بەر ئەوەی کە ڕاستییە پڕواتاکان بخاتە پێش هەندێك بۆنەی لاوەکی یەوە.

بەڵگەی پێنجەم

٥- یادکردنەوەی لەدایك بونی پێغەمبەرﷺ بیدعەتێکە کە شیعەکان دایان هێناوە :

موسوڵمانی خۆشەویست! بزانە یەکەم کەس کە ئاهەنگی مەولودی پێغەمبەریان داهێنا ﷺ، خەلیفە (فاطمية)کان بوون لە شاری قاهیرە کە لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا بوو، نەك هەر بە تەنها لەدایك بونی پێغەمبەرمان ﷺ، بەڵکو شەش یادیان داهێنا: لەدایك بونی پێغەمبەر ﷺ، لەدایك بونی ئیمامی عەلی و فاطیمەو حەسەن و حسێن رضي الله عنهم وە یادی لەدایك بونی خەلیفەی سەردەمی خۆیان، ئیتر ئەم بیدعەیە لە ناو موسوڵماناندا مایەوە تاکو (لأَفْضَلُ ابن أَمِيْر الجُيُوْش "**٥١٥ك**") بووە مایەی نەهێشتن و لە بیر بردنەوەی لە ناو خەڵکدا، ئیتر ئەوە بوو لە ساڵی (**٥٢٤ك**)دا دوبارە لەسەر دەستی فەرمان ڕەواکان تەشەنەی کردەوە، لە کاتێکدا خەریك بوو بە تەواوەتی لەبیر خەڵك بچێتەوە.

کەواتە بەگوێرەی ئەم مێژووە، ئوممەتی ئیسلام بە هیچ شێوەیەك یادی مەولودیان نەکردۆتەوە تاوەکو کاتی هاتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی فاطمیەکان، جا ئایا ئەو (فاطمي)یانە کە شیعە مەزهەبیش بون، پێویست دەکات ئێمە شوێنیان بکەوین و لاساییان بکەینەوە، وە ئەوەی ئەوان دایان هێنا لەخۆمان و لە خەڵکیشی بکەین بە دین؟؟ یاخود ئەوەندە پیرۆز بکرێت، تاکو هەندێك لە موسوڵمانانی ئەمڕۆ دەڵێن شەوی لەدایك بونی پێغەمبەر ﷺ لە شەوی قەدریش بەڕێزترە ! !

بەڵگەی شەشەم

٦- بەڵگەیەکی ڕاست بەدەستەوە نییە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری ئیسلام ﷺ لە دوانزەی ڕەبیعی یەکەمدا لە دایك بوبێت:

ئاهەنگ گێڕی بەڕێز! ئایا دەزانیت کە مێژونوسان جیاوازیان هەیە لە دەستنیشان کردنی ئەو مانگەی کە پێغەمبەری تێدا لەدایك بووە ﷺ، هەندێکیان دەڵێن لەمانگی ڕەمەزاندا لە دایك بووە، بەڵام زۆرینەیان لەسەر ئەو بۆچونەن کە لەمانگی ڕەبیعی یەکەمدا لەدایك بوبێت، پاشان ئەمانیش ناکۆکیان هەیە لەسەر دەست نیشان کردنی ڕۆژی لە دایك بونەکەی!

بۆیە گوتراوە (٢)ی ڕەبیعی یەکەم لەدایك بووە ئەمەش گوتەی (إبنُ عَبْد البَّر)ە، وە یان (٨)ی مانگ لەدایك بووە ئەم مێژووە (إبنُ حَزْم) بە صەحیحی داناوە و زۆربەی ئەهلی حەدیث لەسەر ئەم بۆچونەن، وە گوتراویشە ڕۆژی (٩)ی مانگ لەدایك بووە ئەمەش (أبولْحَسَن ی نَدَوي)و (كَوثَري) بە ڕاستیان داناوە، وە گوتراوە (١٢)ی مانگ لە دایك بووە، ئەمەش (إبنُ إسْحاق) باسی کردووە، وەگوتراویشە (١٧)ی مانگ یان (١٩)ی مانگ لە دایك بووە . . . .

ئەم جیاوازیەش تەنها بەڵگەی ئەوەیە کە ئەسحابەکان سورنەبون لەسەر دەستنیشان کردنی بەرواری لە دایك بونەکەی و گەیاندنی پێمان، جا ئەگەر ئەو ڕۆژە ئاهەنگ و پەرستنی تایبەتی تیا بکرایە، ئەوا زۆر بەجوانی پێمان دەگەیشت بەبێ جیاوازی، وە لەدایك بونی پێغەمبەریان ﷺ زۆر بەوردی دیاری دەکرد.

سەیر لەوەدایە کە جارانیش هەندێك لە فەرمان ڕەواکانی (ئەربیل) واتا هەولێری ئێستا،ساڵێك لە (٨) و ساڵێك لە (١٢) ی ڕەبیعی یەکەمدا ئاهەنگی مەولودیان دەگێڕا، چونکە خۆیشیان دڵنیا نەبوون لە ڕۆژی لەدایك بونەکەی.

((بۆ زیاتر ئاشنابون بەم باسانە بڕوانە " إبْنُ خَلَكان ١ / ٤٣٧")) .

بەڵگەی حەوتەم

٧- پێغەمبەری خواﷺ لە ڕەبیعی یەکەمدا کۆچی دوایی کردووە ئەگەر یادکردنەوە شەرعی بێت کەواتە ئەو مانگە هەم مانگی خۆشی و ئاهەنگە هەم مانگی دڵتەنگی و ماتەمە:

ئەگەر بڵێن باشە با وابێت (١٢) ی ڕەبیعی یەکەم پێغەمبەرمانﷺ لەدایك بووە، ئەوا کتومت ئەو مێژووە دەکات کە تیایدا وەفاتیشی کردووە، **(ڕۆژی دووشەممە ١٢ی ڕەبیعی یەکەم)** ، ئیتر دڵخۆشی و شادی و ئاهەنگ گێڕان لە پێشتر نییە لە خەفەت و بێ تاقەتی دەربڕین، لە ڕابوردوشدا زۆر لە زانایان موسوڵمانانیان لەم ڕاستیە ئاگادارکردۆتەوە، وەك ئیمامی(تَاجُ الدِّينِ الْفَاكِهَانِيِّ "٧٣٤ ك") وە (ابْنُ الْحَاجِّ الْمَالِكِيِّ " ٧٣٧ ك") خاوەنی کتێبی

(الْمَدْخَل) کە دەفەرمووێت: (زۆر زۆر جێگەی سەرسوڕمانە، کە موسوڵمانان لەم مانگەدا یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ دەکەنەوە بە گۆرانی و خۆشی و شادی دەربڕین وەك لە پێشەوە باسمانکرد، چونکە لە ڕاستی دا پێغەمبەری مەزن ﷺ لە هەمان مانگدا وەفاتی کردووەو گەڕاوەتەوە بۆلای خوای خۆی، بە وەفاتکردنەکەیشی ئوممەتی ئیسلام توشی ناخۆشی و ناڕەحەتیەکی وا گەورەبووە، کە هیچ مەینەتیەك بە ئەندازەی وەفات کردنەکەی کاریگەر نەبووە لەسەریان، بۆیە لەم مانگەدا پێویستە زیاتر فرمێسك بە چاوەکانماندا بێتە خوارەوە و دڵگران بین بە ڕوداوی وەفاتی پێغەمبەرمان ﷺ ، کەچی تەماشا دەکەیت لەم مانگە پیرۆزەدا موسوڵمانان چۆن خۆشی و شادی دەردەبڕن و یاری و مەزاق دەکەن) (مدخل الشرع الشريف ٢ / ١٦)[1].

بەڵگەی هەشتەم

٨- ئاهەنگ گێڕان بۆ لە دایك بونی پێغەمبەر ﷺ چاولێکەریە بۆ گاورەکان:

شتێك جێگای تێڕامانە، ئەویش ئەوەیە کە ئاهەنگی مەولودی پێغەمبەر ﷺ زیاتر لەو وڵاتانەدا سەری هەڵداوە کە هاوسێن لەگەڵ گاورەکاندا، بۆ نمونە سوریا و میصر، ئیتر چونکە گاورەکان ساڵانە ئاهەنگی یادی لە دایك بوونی (عیسا عليه السلام) دەکەنەوە، یان ساڵانە لە ڕۆژی لەدایك بونی ئەندامانی خێزانەکانیان ئاهەنگ دەگێڕن، ئەمەش بۆتە هۆی خێرا بڵاو بونەوەی ئاهەنگی مەولود لە نێوان موسوڵمانانیشدا.

ئەم بۆچونەش (الحافظ مُحَمَّدُ شَمْسُ الدِّينِ السَّخَاوِي الشافعي "**٩٠٢ك**") پشتگیری لێکردووەو گوتویەتی : (وَإِذا كانَ أَهلُ الصَّليبِ اتَّخَذوا لَيلَةَ مَولِدَ نَبِيِّهِمْ عيدًا أَكْبَر، فَأَهْلُ الإِسْلامِ أَوْلَى بالتَّكريمِ وَأَجْدَرْ)!!

واتە : ئەگەر خاچ پەرستەکان شەوی لە دایك بونی پێغەمبەرەکەیان کردووە بەو ئاهەنگە گەورەیە، ئەوا موسوڵمانان لە پێشترن کە ئەو ڕێزە بنێن لە پێغەمبەرەکەیان ، ئەم گوتەیەشی لە لایەن (الْمُلَّا عَلِيٌّ الْقَارِيّ "**١٠١٤ك**")ەوە بەرپەرچ دراوەتەوە بەوەی کە دەڵێت: (قُلْتُ: مِمّا يَرُدّ عَلَيهِ إنّا مَأمُورونَ بِمُخالَفَةِ أَهْلِ الكِتابِ) .

واتە : دەڵێم : ئەوەی بەرپەرچی ئەو گوتەیەی پێ دەدرێتەوە ئەوەیە کە ئێمە فەرمانمان پێ کراوە پێچەوانەی گاورو جولەکەکان بکەین. (المورد الروي في المولد النبوي/٢٩).

بەڵگەی نۆیەم

٩- ئاهەنگ گێڕان بۆ لەدایك بونی پێغەمبەر ﷺ بەڵگەی خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ نییە:

خۆشەویستی دەربڕین بۆ پێغەمبەر ﷺ بە ئاهەنگ گێڕان نایەتەدی، بەڵکو بە کارکردن بە سوننەتەکانی دێتەدی، وە پێش خستنی گوتەکانی بەسەر هەموو گوتەیەکداو بەرپەرچ نەدانەوەی حەدیسەکانی، وە پێویستە ئەوەیش بزانین کە پێغەمبەرمان ﷺ خۆی و هاوەڵەکانیشی دینداریان بە شێوەیەك کردووە کە ئاهەنگ گێڕان بە

---

[1] **وەرگێڕ**: جا برای بەڕێزم هەرکەسمان بینیوە کە یادی لەدایك بونی بۆ منداڵ یان خۆشەویستانی خۆی کردبێت، ئەمە تەنها لە کاتێکدا بووە کە لە ژیاندا ماوە، بەڵام لە دوای مردنیان هەرگیز نەمانبینیوە یادی لەدایك بونی بۆ بکات، بەڵکو ساڵیادی کوچ کردن و یادی ماتە مینی بۆ گێڕاوە، **دەی موسوڵمانان پەند وەرگرن!!!**).

(مامۆستا عبد الرحمن/ مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە کە خەڵکی وادەکەن نەك شەرعی و ڕەوا بێت، چونکە لەشەریعەتی خوادا ساڵیادی لە دایك بون و کۆچ کردن هیچیان ڕێگە پێدراو نین.

بۆنەی یادی لە دایك بونی تێدانەبووە، کەواتە ئێمەش هەر ئەو دینداریەمان بەسە کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی کردویانە.

وە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا﴾ (يونس ٥٨) دڵخۆشبوون بە پێغەمبەر ﷺ پەیوەست نییە بە تەنها ڕۆژێکەوە، بەڵکو پێویستە موسوڵمان لە هەموو ساتێك لە ساتەکانی ژیانیدا دڵخۆش بێت بە پێغەمبەرەکەی ﷺ، وە پەیوەست بێت بە فەرمانەکانی و دورکەوتنەوە لەو شتانەی کە نەهی لێکردووە، وە ملکەچ بێت بۆ سەرجەم یاساو شەریعەتەکەی کە لەلایەن خوای گەورەوە هێناویتی، کەواتە دڵخۆشی دەربڕین لە یەك ڕۆژدا کۆنابێتەوە، بەڵکو با هەوڵ بدەین هەموو ڕۆژێك سوننەتێکی تازە لە سوننەتەکانی فێربین و زیاتر پابەندی فەرمانەکانی بین و بەندایەتی بۆ خوای گەورە ئەنجام بدەین، هەتاکو بە پشتیوانی خوا لاوازیمان بگۆڕێت بە بەهێزی، وە زیاتر یاساکانی بیروباوەڕەکەمان و بنەماکانی ئیسلام لە ناخماندا بچەسپێنین .

بەڵگەی دەیەم

١٠- لە زۆربەی ئاهەنگ گێڕانەکاندا زیادەڕەوی لە مەدحی پێغەمبەردا ﷺ دەکرێت:

ئاهەنگ گێڕی بەڕێز، موسوڵمانی ئازیز! بۆ زانیاریت پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت: ((لاَ تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتْ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدُهُ فَقُولُوا عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ)) (البخاري) .

واتە: من زیادەڕەوی مەکەن لە وەسفکردنمدا وەك چۆن گاورەکان زیادەڕەوییان کرد لە (کوڕەکەی مەریەم)دا ، من بەندەی خوام بۆیە تەنها پێم بڵێن : بەندە و نێردراوی خوا.

بەڵام زۆربەی ئەو ئاهەنگی مەولودانە پڕن لە زیادەڕەوی و پیاهەڵدانی ناشەرعی بەسەر پێغەمبەردا ﷺ، تەنانەت هەندێك لەوانەی کە خۆشیان پشت گیری ئاهەنگی لەدایك بون دەکەن دانیان ناوە بەم ڕاستییەداو دەڵێن کە جاری واهەیە گوتەکانیان دەگاتە پلەی کوفریش!!

بەتایبەتی کاتێك کە ئەوانەی دەربارەی ئاهەنگی مەولود شت دەنوسن بەبێ ترس فەرمودە هەڵدەبەستن بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ، بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەم گوتەیەمان ئەوەتا (عبد الله الغماري) کە یەکێکە لە گەورەکانیان لەم سەردەمەدا دەڵێت: (ئەو کتێبانەی کە دەربارەی مەولود نوسراون پڕن لە فەرمودەی هەڵبەستراو، کە ئەو فەرمودانە بونەتە بیرو باوەڕێکی ڕاستەقینە لەلای زۆرینەی خەڵك، هیوادارم خوای گەورە یارمەتیم بدات بۆ نوسینی کتێبێك دەربارەی مەولودی پێغەمبەر ﷺ کە دوربێت لەدوو شت، **یەکەم:** فەرمودە درۆو هەڵبەستراوەکان بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ، **دووەم:** هۆنینەوە و ڕێك خستنی نادروست و نابەجێ)، وە مەبەستم لەوەیە کە پیاهەڵدانی بێ سنور نەخوازراوە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿لاتَغْلُوا فِي دِينِكُمْ﴾ [النساء : ١٧١] واتە : زیادەڕەوی مەکەن لە دینەکەتاندا .

هەروەها مەدح کردنی پێغەمبەر ﷺ بە وەسف و سەنایەك کەتیایدا نەبێت ئەوا دەبێت بە هەڵبەستنی درۆ بۆی، کەواتە ئەو هەڕەشەیەی پێغەمبەر ﷺ دەیگرێتەوە کە دەفەرموێت: ((مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنْ النَّارِ)) (مسلم) .

واتە: هەرکەس بە ئارەزوی خۆی درۆم بەدەمەوەبکات ئەوا با شوێنی خۆی خۆش بکات لە ناو ئاگری دۆزەخدا .

وە فەزڵ و باشەکانی پێغەمبەر ﷺ نابێت تێکەڵ بکرێت بە ڕیوایەتی لاوازو هاو شێوەکانیان، چونکە پەیوەندی بە خاوەنی شەریعەتەکەمان و پێغەمبەری ئوممەتەکەمانەوە هەیە ﷺ، کە هەر خۆی درۆدانە پاڵی لێ حەرام کردوین و بە تاوانەگەورەکانی داناوە، تەنانەت (أَبُو مُحَمَّد ی الْجُوَيْنِيُّ شافعی باوکی ئیمامی حَــرَمَين"**٤٣٨ك**") گوتویەتی هەرکەس درۆ بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ بکات پێی کافر دەبێت.

بۆیە ئەو کتێبانەی کە دەربارەی مەولود و ڕوداوی ئیسراو میعراج نوسراون و پڕن لە زیادەڕەوی و شتی بێ بنەما دەبێت بسوتێنرێن، لەبەر ئەوەی نوسەرو خوێنەرانیشی نەسوتێنرێن لە ئاگری جەهەنەمدا، خوا پەنامان بدات) (من نقده لبردة البوصيري) ص ٧٥ .

ئیتر ئەوەش بووە بەباو لە ناوخەڵکدا کە ئاهەنگی مەولود کۆتای دەهێنن بە هەندێك دەستەواژەی داهێنراو و داوای یارمەتی و پەناگرتن پێی کە دەبنە شیرك و هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە، ئێمەش دەڵێین : ولا حول ولا قوة إلا بالله .

بەڵگەی یازدەیەم

١١- یاد کردنەوەی مەولود کۆمەڵێك خراپەی لە خۆی گرتووە:

هەندێك لە خراپەکانی ئاهەنگی مەولود کە بە داخەوە لەناو موسوڵماناندا باوە : ئەوانەی کە ئاهەنگی یادی مەولود دەگێڕن، بەو کەسانەی کە لە سوننەت تێگەیشتون و ئەو کارەناکەن دەڵێن : ئەمانە خۆشەویستیان نییە بۆ پێغەمبەر ﷺ ! ئەوەیان لەبیرنی یە یان لەبیرخۆیانی دەبەنەوە کە خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ بە شوێن کەوتنی دەبێت نەك بە داهێنانی شتی تازە بۆ دینەکەی، وە نەك بەو هەڵس و کەوتە سەیرو سەمەرانەی کە لە ئاهەنگی یادی مەولوددا دەکرێت وەك : کوژانەوەی یان کەم کردنەوەی ڕۆشنایی و سەربادان و شان هەڵتەکاندن و سرودو گۆرانی و لەم بابەتانە .. وەجگە لەوەش زیکرو ویردی هەڵبەستراو و چیرۆکی ناڕاست، بۆیە (الشيخ علي محفــوظ الأزهري المصري الشافعي "**١٣٦١ك**") دەفەرموێت : (فِيها إِسرافٌ وتَبْذيرٌ لِلأموالِ، وإِضاعة لِلأَوقات فِيما لا فائِدَةَ مِنْهُ ولا خَير فِيه) .

واتە: لە مەولود گێڕاندا ئیسراف و پارە بە فیڕۆدانی تێدایە، وە کات کوشتنی تیایە بە شتی بێ سودو بێ خێرەوە (الإبداع / ٣٢٤).

وە ئەگەر وامان دانا کە مەولود (مُباح)یش بێت واتە : ڕێپێدراوبێت لە شەرعدا ، ئەوا ئێمە یاسایەکی شەرعیمان هەیە کە دەفەرموێت: (المباح إذا أدّى إلى محرّم، فإنّه يحرم من باب سدّ الذرائعِ).

واتە : ئەو بابەتانەی کە لە شەرعدا موباحن، ئەگەر بونەهۆیەك بۆ کەوتنە ناو حەرامەوە ئەوا خۆشیان حەرام دەکرێن چونکە دەبنە هۆی کردنەوەی دەرگایەك لەسەر حەرام کراوەکان[٢].

---

[٢] وەرگێڕ / وە کەخێرو قوربانی دەکەن لە بری ناوی(الله) لێهێنان دەڵێن: لە ڕێی خواو مەولودی پێغەمبەرﷺ، کە ئەمەش شیرك و هاوەڵدانانێکی ئاشکرایە، ئیتر چۆن ئاهەنگی مەولود ڕێگە پێ دراوە کە ئەو هەموو خراپەیەی لەخۆ گرتووە.

بەڵگەی دوازدەیەم

١٢- هەموو موسوڵمانان تەنانەت ئاهەنگ گێڕەکانیش ئەو یادکردنەوەیە بە بیدعەت دائەنێن:

لە ڕاستی دا سەرجەم موسوڵمانان یەك ڕان لەسەر ئەوەی کە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی مەولودەوە بیدعەیە، بەڵام لەوەدا جیاوازن کە ئایا بیدعەیەکی باشە یان بیدعەیەکی خراپە! بۆیە هەندێکیان وەك (ابن حجر والسیوطي والسخاوي) جگە لەوانیش، بە باشیان زانیوە، لەبەر بەدەست هێنانی هەندێك سودو قازانج کە بەگومانی خۆیان دێتەدی!!

بەڵام زانا لێکۆڵەرەوەکان، لە کۆن و نوێدا، فەتوای حەرام بونی ئاهەنگی مەولودیان داوە، بەو بەڵگە شەرعیانەی کە لەزیانەکانی بیدعە و زیاد کردنی شت بۆ دینەکەمان ئاگادارمان دەکەنەوە، وەکو زانراویشە جەژن و شادی دەربڕین تیایدا بە شێکە لە کاروباری ئایینی، بۆیە ئەو زانایانە ڕێگریان کردووە لە کردنەوەی دەرگای خراپەیەکی بەرجەستەو دیار، نەك چاو برینە سودێکی نادیار، چونکە کاڵای بەدەست هێنانی ئەو سودە نادیارە، کردەوەیەکە کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی و شوێن کەوتوانیان لە چەندین سەدەی سەرەتادا نەیان کردووە، وەهەروەها پێغەمبەرمان ﷺ هەرگیز جیاوازی نەکردووە لە نێوانی بیدعەی باش و بیدعەی خراپ، بەڵکو فەرموویەتی: (إِنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ) سەرجەم بیدعەکان گومڕایین .

بۆیە ئیمامی (**مالك ی کوڕی أَنس"١٧٩ك"**) فەرمویەتی: (مَنْ إِبْتَدَعَ فِي الإِسْلامِ بِدْعَةً يَراها حَسَنَةً، فَقَدْ زَعَمَ أَنَّ مُحَمَّدًا ﷺ خانَ الرِّسالَةَ !! لِأَنَّ اللهَ يَقُولُ **"الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ"** فَما لَمْ يَكُنْ يومَئذٍ دينًا فَلا يَكُونُ اليَومَ دِينًا) (الاعتصام للشاطبي).

واتە : هەرکەسێك بیدعەیەك بۆ ئەم ئیسلامە زیاد بکات و وابزانێت کە ئەو بیدعەیە باشە، ئەوا پێی وایە کە موحەممەد ﷺ خیانەتی کردووە لە پەیامەکەی خوا، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**وا لەمڕۆوە دینەکەتانم کامڵ کرد**﴾ بۆیە ئەوەی کە ئەوسا دین نەبوبێت، ئەمڕۆ نابێت بە دین بۆمان .

هەندێك لەو زانایانەی کە فەتوای حەرامێتی ئاهەنگی مەولودیان داوەو بە بیدعەیان زانیوە:

١- شێخی ئیسلام (**إبنُ تَيْمِية"٧٢٨ك"**) ڕەحمەتی خوای لێبێت، لە کتێبی (**إقتضاء الصراط المستقيم**)دا دەڵێت: (هەندێك لە خەڵك دایان هێناوە).

٢- ئیمام (**أبو حفص تَاجُ الدِّينِ الْفَاكِهَانِيِّ "٧٣٤ ك"**) ڕەحمەتی خوای لێبێت گوتویەتی : (ئاهەنگی مەولود بیدعەیە و کتێبێکی سەربەخۆی دەربارەی حەرامێتی مەولود نوسیوە).

٣- ئیمامی(**شاطبي"٧٩٠ك"**) ڕەحمەتی خوای لێبێت، گوتویەتی: کە ئاهەنگی مەولودی پێغەمبەر ﷺ بیدعەیە. لە کتێبی (**الاعتصام**) دا باسی هەندێك لە جۆرەکانی بیدعەی کردووە، وە ئاهەنگی یادی مەولودیشی بەیەکێك لە بیدعەکان ژماردووە، پاشان بە خراپی داناوە.

٤- زانای پایەبەرز (**ابْنُ الْحَاجِّ الْمَالِكِيِّ " ٧٣٧ ك"**) ڕەحمەتی خوای لێبێت، لە کتێبی (**الْمَدخَل**)دا ئاهەنگی مەولودی بە بیدعە ناوبردووە.

٥- بەڕێز ئیمامی (**الشَوكاني"١٢٥٠ك"**) ڕەحمەتی خوای لێبێت، فەرمویەتی : (موسوڵمانان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە خوێندنەوەی مەولود بیدعەیە).

٦- زانا (محمد عبد السلام خضر الشقيري) لە کتێبی (السنن والمتـــدعات) دا دەڵێت: (ئاهـەنگ گێڕان بـەو بۆنەیەوە بیدعەیەکی خراپەو گومڕاییە).

٧- زانای پایە بەرزی هند (أبوطيب شمس الحق العظيم آبادي"١٣٢٩ك") گوتویەتی : (ئاهەنگی مەولود بیدعەیە).

٨- هەروەها مامۆستا بەڕێزەکەشی (بَشير الدين قَنّوجِي) کە کتێبێکی سـەر بـەخۆی لـەو بارەیـەوە نوسـیوە بەناوی (غايةُ الكلامِ في إبطالِ عملِ المولدِ والقيامِ)، وە دەتوانیت تەماشای تێبینیەکانی بکەیت لەسەر فەرمودەی (مَنْ أَحدَثَ في أَمرِنا هذا ما لَيسَ مِنهُ فَهوَ رَدٌّ) کە لە(سُنَنْ الدّارَقُطني) نوسیویێتی.

٩- زانای پایەبـەرز (أبو عبد الله محمد الحفــار المــالكي" ٨١١ك ") کـە یەکێکـە لـە زانایـانی وڵاتـی مـەغریب، دەفـەرموێت: (شـەوی مـەولود پێشینە چاکەکانمان "کـە مەبەسـتمان پێـی ئەسحابەو تابیعینەکانـە" تیایدا کۆ نەدەبونەوە بۆ خوا پەرستی، وە هیچ پەرستنێکیان تیا ئەنجام نەداوە زیاتر لە شەوەکانی تر، چونکە پێغەمبەر ﷺ هەرگیز لەوە بە گەورەتر دانانرێت کە لە شەرعدا هاتووە" ناخرێتە پلەو ڕێزی خوایەتیـەوە" هەرچـەندە بەگـەورە زانینی پێغەمبەر ﷺ یەکێکە لە هۆکارەکانی نزیك بونەوە لە خوا، بەڵام پێویستە تەنها بەو شـێوازانە لـە خـوا نزیك ببینەوە کە لە شەرعدا هەیەو زیادەڕەوی تێدانەکەین...)(المعيار المعرب ٧ / ٩٩).

١٠- زانای کەم وێنـەو فـەرمودەناس (محمد ناصر الدين الالباني"١٤١٩ك") دەڵێت: پێویستە نـەهی بکرێت لـەو کارەو وازی لێبهێنرێت .

١١- زانای پایەبەرزو موفتی ئوممەت (عبد العزيز بن عبدالله بن باز "١٤٢٠ك") دەڵێت: (ئاهەنگ گێڕان بەبۆنـەی یادی لە دایك بونی پێغەمبەرو هیچ کەسێکی ترەوە دروست نییە، چونکە بیدعەیە و پێغەمبەر ﷺ نەیکردووە).

١٢- زانای پایەبەرز (مُحَمَّدُ بْنُ صَالِح العُثَيْمِين"١٤٢١ك") دەفەرموێت:

(ئەوشەوە زیندو دەکەنەوە وەك خۆیان دەڵێن، لە بەر خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ وە دەیانەوێت یادی پێغەمبەر ﷺ بەرز ڕابگرن، ئێمەش پێیان دەڵێین: یاخوا بەخێربێن ئەگەر پێغەمبەرتان ﷺ خۆش دەوێت، یاخوا بـەخێربێن ئەگـەر دەتانەوێ یادی پێغەمبەر ﷺ بەرز ڕاگرن، بەڵام لێرەدا پێوەرێکمان هەیـە، کـە ئـەو پێـوەرەش خـودای (أَحْكَـــمُ الْحاكِمِين) دایناوە، خۆش ویستنی پێغەمبەر ﷺ پێوەری تایبـەتی خـۆی هەیـە، ئـەویش ئـەو فەرمایشتەی خـوای گەورەیە کە دەفـەرموێت:﴿ قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ ﴾واتـە: (ئـەی موحەممـەد - بڵـێ ئەگـەر ئێوە خوای خۆتان خۆش دەوێت، دەی شوێن ڕێبازی من بکەون با خواش ئێوەی خۆش بوێت).

جا ئەگەر مرۆڤ ڕاستگۆبێت لەو بانگەشەیەی کە دەیکات و دەڵێت خوا و پێغەمبەرەکەیم خۆش دەوێت ﷺ، دەی با شوێنکەوتەی شەرعەکەی خوا بێت، وە شوێن کەوتەی ئەو دینە بێت کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی، ئـیتر هەرکـەس شوێن کەوتەی ئەو پێغەمبەرە ﷺ نەبێت ئەوا بانگەشەکەی درۆیە، چونکە ئەو پێوەرە پێوەرێکی ڕاست و دروستە، باشە لێرەدا با تەماشا بکەین، ئاهەنگی شەوی لە دایك بونی پێغەمبـەر ﷺ کـە داهێنـراوە، ئایا لـە شـەرعی خـوادا هاتووە؟ ئایا پێغەمبـەر ﷺ ئـەنجامی داوە؟ ئایا خولـەفای ڕاشـیدین کردویانـە؟ ئایا ئەسحابەکان و تابیعینـەکان کردویانـە؟ ئایا تـابیعی تابیعیـەکان کردویانـە؟ وەڵامـی ئـەم پرسـیارانەش هـەمووی، بێگومـان **نـەخێرە!** وە هەرکەسێکیش بانگەشەی جگە لەمە دەکات دەبێت بەڵگەی شەرعی پێبێت:﴿ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَـــادِقِينَ ﴾ [البقرة ١١١] .

کۆتایی

لە کۆتایدا داواکارم لە خوای گەورە کە لەسەر نوسینی ئەم چەند بەڵگەیە پاداشتی خێرمان بداتەوە، وە سودمەندی بکات بۆ موسوڵمانان، چونکە نیەتمان تەنها سود گەیاندنە، وە هیچ ئومێدێکمان نیە جگە لە سۆزو بەزەیی خۆی، دەی خوایە تەنها خۆت وەڵامی داوکاریەکانمان بدەرەوە، وە کارەکانمان والێبکە کە تەنها لەبەر ڕەزامەندی خۆت بێت، خوایە گیان هەر خۆت هیدایەت دەرمانیت بۆ سەر ڕێگای ڕاست.

وَآخِرُ دَعْوانا أَنْ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

======================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن